# رەشید جەخت لەگرنگی پابەندبوون بەڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئاو دەکاتەوە

سەرۆک کۆمار لەپێشوازیکردنی بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی(فاو)دا جەختی لەگرنگی هاوکاری تەکنیکی و پابەندبوون بەڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئاو کردەوە

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوه سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ یەکشەممە، ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٥، لەکۆشکی بەغداد، پێشوازیکرد لەبەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان (فاو)، بەڕێز شو دۆنیۆ و شاندی یاوەری.
لەمیانی دیدارەکەدا باسیان لەهاریکاری تەکنیکی نێوان عێراق و ڕێکخراوی(فاو) و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستیان بۆ پشتیوانیکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ وبەرهەمە کشتوکاڵییەکان و باشترکردنی کوالێتی تۆو و پاراستنی بەپیتی خاک و ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراک کرد، جگە لە ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی تەکنیکی و تەکنەلۆژی لە نێوان هەردوولا.
سەرۆک کۆمار جەختی لە گرنگی پابەندبوون بەڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری بەڕێوەبردنی ئاو و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و هاوکاری نێوان وڵاتانی دراوسێ کردەوە، بەمەبەستی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان و کارکردن بۆ پاراستنی ژینگە، بۆ ئاماژەدان بەوەی کە گۆڕانی کەشوهەوا ئاستەنگێکی

گەورەیە بە ناوچەکە، بەتایبەت لە عێراق بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و وشکەساڵی و بەبیابانبوون و کاریگەرییە گەورەکانیان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ.

هەروەها بەڕێزیان دوپاتی کردەوە لەپێویستی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئاو و سود وەرگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکخستن و دابەشکردنی ئەم سەرچاوەیە، هاوکات جەختیشی لەوە کردەوە کەعێراق لەئێستادا سەرنجی لەسەر بەدەستهێنانی پشکەکی دادپەروەرانەیە لە ئاو.

لەلای خۆیەوە بەڕێز شو دەنیە، پێزانینی گەورەی خۆی بۆ ئەو پێشکەوتن و گەشەپێدانەی کە لە عێراقدا بەدی دەکرێت، چ لە شارەکان و چ لە ڕووی کشتوکاڵدا دەربڕی، جەختیشی لە پابەندبوونی ڕێکخراوی (فاو) کردەوە بە بەردەوامبوونی هاوکاریی دوولایەنە لە بوارە جیاوازەکاندا لە چوارچێوەی پسپۆڕیی خۆیدا.

لە دیدارەکەدا هەر یەک لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی (فاو) و نوێنەری هەرێمی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئەفریقا د.عەبدو لحەکیم واعر و نوێنەری (فاو) لە عێراق د.سەلاح حاجی حەسەن، ئامادە بوون.